پارێزگاری بانکی ناوەندی داوا لە هاوڵاتیان دەکات کارتی بانکی بەکاربهێنن

ئەمڕۆ پێنجشەممە، عەلی عەلاق، پارێزگاری بانکی ناوەندی، داوای لە هاوڵاتیان کرد لەبری پارەی کاش کارتی بانکی بەکاربهێنن، هاوکات جەختی لەسەر پێویستی داڕشتنی پلانی بازرگانی گونجاو بۆ پاڵپشتیکردنی گشتگیری دارایی دیجیتاڵی(ئەلیکترۆنی) لە عێراق کردەوە. بانکی ناوەندی لە راگەیندراوێکدا ڕایگەیاند: ”عەلی موحسین عەلاق، پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە نوێنەرانی ئەم بانکە و ژمارەیەك کۆمپانیای پارەدانی ئەلیکترۆنی لە عێراقدا کاردەکەن، تیایدا گفتوگۆیان کرد ڕێگاکانی بەدواداچوون بۆ پڕۆژەکە □ بڵاوکردنەوەی ئامێرەکانی خاڵی فرۆشتن POS)) و گۆڕینی دیجیتاڵی.“ ئاماژەی بەوەشکرد، "لە کۆبوونەوەکەدا پێداچوونەوە بە گرنگترین تەحەددیاتی بەردەم پرۆسەی بڵاوکردنەوەی ئامێرەکانی خاڵی فرۆشتن (POS) و گرنگی فراوانکردنی ڕووبەری جوگرافی بۆ ئەوەی هەموو ناوچەکانی وڵات بگرێتەوە، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەم بەکارهێنانیان لە کارتی بانکی و یەکلاکردنەوەی بڕی پارەکانیان لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی نیشتمانی لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق“. بەپێ راگەیندراوەکە عەلاق جەختی لەوە کردەوە کە "بڵاوبوونەوەی ئامێرەکانی خاڵی فرۆشتن کاریگەری ئەرێنی لەسەر شەقامی عێراقی هەیە، داوای لە هاوڵاتیان کرد کە کارتی بانکی بەکاربهێنن لەبری پارەی کاش". ناوبراو جەختی لە "پێویستی ئەوە

کردەوە کە ببەتە ئەولەویەت بۆ هەموو کەمپانیاکانی پارەدانی ئەلیکترۆنی و بانکەکان ، جەختیکردەوە "گرنگی داڕشتنی پلانی بازرگانی گونجاو بۆ پاڵپشتیکردنی گشتگیری دارایی دیجیتاڵی لە عێراق".